# ئەدەبیات ڕەهایەتی و یاخیبوونە لە قاڵب

## جووتیار قارەمان




٩ی دێسەمبەری ٢٠٢٥ وتار

١

### ئەدەبیاتی لەقوتوونراو... ڕەتکردنەوەی قاڵب و ڕەهایەتیی نووسین

ئەدەبیات لە قاڵب نادرێت. ئەم ڕستەیە تەنیا درووشمێکی بریقەدار نییە، بەڵکو کرۆکی ئەو هێزە یاخی و ئازادەیە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەردەوام لە بەرانبەر هەر هەوڵێکدا بۆ کۆتکردن و سنووردارکردنی وەستاوەتەوە. تەنانەت لە سەردەمی شیعری کلاسیکیشدا کە کێش و سەروا و بەحر وەک چوارچێوەیەک بۆ جوانیی دەق دەبینران، هەمیشە "باری شاز" و دەرچوون لە یاسا باوەکان نیشانەی لێهاتوویی و داهێنانی گەورەترین شاعیران بووە.

کەواتە، ئەگەر لەو سەردەمەدا لەوپەڕی پابەندبوون بە یاسا و ڕێساوە یاخیبوون نیشانەی لووتکە و داهێنان بێت، دەبێت ئەمڕۆی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان چۆن بێت؟ بێگومان، ئەدەبیاتی ڕاستەقینە ڕەهایە و مل بۆ هیچ یاسا و ڕێسا و قاڵب و قوتوو و پاکەتێک نادات. بە باڵی خەیاڵ دەفڕێت و بە لاقی حەزی دڵ شەقاو دەهاوێژێت.

ئەو بیرۆکەیەی کە دەبێت نووسین بەگوێرەی ڕێنوێنی و قاڵبی ئامادەکراو بێت، لە بنەڕەتدا دژ بە فەلسەفەی داهێنانە. هیچ یاسایەکی مسۆگەر نییە بۆ درێژی و کورتیی ڕستە و پەرەگراف. هیچ کارگەیەکی تایبەت نییە کە قورِی شیعر، چیرۆک یان ڕۆمانێکی تێدا هەڵشێلین و چاوەڕێ بین بە ئەندازە و قەبارەیەکی دیاریکراو وشک ببێتەوە و بێتە دەرەوە. نووسەر، جا شاعیر بێت یان چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی ئازادە و لە ڕێگەی هەوەسی دڵی خۆیەوە شێواز دادەهێنێت، ڕێڕەوی نوێ دەکاتەوە و فۆڕمی تازە دەئافرێنێت.

ئەوانەی بانگەشە بۆ ئەدەبیاتێکی لەقاڵبدراو دەکەن، یان لە جەوهەری ئەدەبیات نەگەیشتوون، یان بە ئاگاییەوە هەوڵی بەرهەمهێنانی "ئەدەبیاتی لەقوتوونراو" دەدەن؛ ئەدەبیاتێک کە وەک گۆشتی ئامادەکراو تەنیا بۆ بەکاربردنی خێرا و بێبیرکردنەوە دەشێت. ئەم جۆرە لە "بەرهەم" خوێنەرێکی سادەی خوار مامناوەند دروست دەکات کە وەک منداڵی نەستەلەخۆر تەمبەڵانە چاوەڕێیە هەموو شتێکی بۆ ئامادە بکرێت، پاک بکرێت و بخرێتە دەمیەوە. بەڵام ئەدەبیاتی ڕاستەقینە خواردنێکی ئامادەکراو نییە، بەڵکو گەشتێکی پڕ سەرکێشییە کە خوێنەر و نووسەر پێکەوە دەیکەن.

فەلسەفەی ڕەخنەیی سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەم چەمکەی چەسپاند. ڕەخنەگری فەڕەنسی، ڕۆلان بارت لە وتارە بەناوبانگەکەیدا "مەرگی نووسەر" ڕای گەیاند کە بەخشینی یەک مانای دیاریکراو بە دەقێک لە ڕێگەی مەبەستی نووسەرەکەیەوە، سنووردارکردنی دەقەکەیە.[1] [2] بارت پێی وایە "دەق بریتییە لە شانەیەک لە وەرگیراوەکان کە لە هەزاران سەنتەری کولتوورەوە سەرچاوە دەگرن" و یەکێتیی دەق لە سەرچاوەکەیدا (لە

[1] Barthes, Roland. "The Death of the Author".
[2] Dr Oliver Tearle (Loughborough University), Interesting Literature. "A Summary and Analysis of Roland Barthes' 'The Death of the Author'".

نووسەردا) نییە، بەڵکو لە مەبەستەکەیدایە (لە خوێنەردایە).[3] ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە خوێنەر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا دەبێتە بەرهەمهێنەری مانا، نەک تەنیا بەکاربەرێکی ناچالاک و مرێنەر. هەر خوێندنەوەیەک دەتوانێت مانایەکی نوێ بە دەق ببەخشێت و ئەمەیش ڕەهایەتیی ئەدەبیات مسۆگەر دەکات.

هاوکات، فەیلەسووف و ڕۆماننووسی ئیتاڵی، ئومبێرتۆ ئێکۆ، چەمکی "کاری کراوە" (Open Work)ی هێنایە ئاراوە. بە بڕوای ئێکۆ، زۆرێک لە بەرهەمە هونەرییە مۆدێرنەکان بە ئانقەست ناتەواو یان فرەمانا بە جێ دەهێڵرێن تا وەرگر (خوێنەر یان بینەر) بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە تەواوکردن و لێکدانەوەیدا بکات. بەرهەمە "کراوەکان" وەک کێڵگەیەکی پڕ لە پەیوەندی چاوەڕوانی وەرگر دەکەن تا بە شێوازی خۆی ڕێکیان بخات، لە بەرانبەردا بەرهەمە "داخراوەکان" (کە دەکرێت بە ئەدەبیاتی لەقوتوونراو ناوی ببەین) هەوڵ دەدەن خوێنەر بەرێڕەوێکی دیاریکراودا بەرن و تەنیا یەک لێکدانەوەی دیاریکراوی بەسەردا بسەپێنن.

ئەم ئازادییە ڕەهایە لە ڕۆمانی مۆدێرن و پۆستمۆدێرندا گەیشتە لووتکە. بزووتنەوەی پۆستمۆدێرنیزم لە بنەڕەتدا ڕەتکردنەوەی "گێڕانەوە گەورەکان" (grand narratives) بوو؛ واتە ڕەتکردنەوەی هەر بیرۆکەیەکی گشتگیر و مسۆگەر کە هەوڵ بدات جیهان و مرۆڤ لە چوارچێوەیەکی داخراودا پێناسە بکات. ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرن گومان لە ڕاستییە ڕەهاکان دەکات و فرەیی و جیاوازی پیرۆز دەکات.

ڕۆمانی "ئولیس" (Ulysses)ـی جەیمس جۆیس بە یەکێک لە شاکارە هەرە مەزنەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرن دادەنرێت کە تێیدا هەموو یاسا و ڕێسایەکی باوی گێڕانەوەی تێک شکاندووە. جۆیس بە بەکارهێنانی تەکنیکی "تەوژمی هۆش" (Stream of Consciousness) ڕاستەوخۆ خوێنەر دەخاتە ناو ئاڵۆزی و پچڕپچڕی و لێشاوی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانەوە، بێ ئەوەی هیچ گێڕەرەوەیەکی دانای هەمووشتزان هەوڵ بدات ڕووداوەکان بە شێوەیەکی لۆگیکی و ڕێکوپێک بگێڕێتەوە.[4] [5] لەم ڕۆمانەدا ڕستەکان

---

[3] هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو.
[4] NASRULLAH MAMBROL, "Analysis of James Joyce's Ulysses", Literariness.org, June 27, 2020
[5] NASRULLAH MAMBROL, Stream of Consciousness, Literary Theory and Criticism, literariness.org, October 7, 2022

درێژ و ناتەواون، ڕووداوەکان بەبێ ڕیزبەندیی کاتی دەردەکەون و زمان خۆی دەبێتە بابەتی سەرەکی. جۆیس بەم کارەی سەلماندی کە ڕۆمان دەتوانێت لاساییکردنەوەی ئاڵۆزیی خودی ژیان بێت، نەک تەنیا گێڕانەوەیەکی ڕێکوپێکی ژیان.

ڤێرجینیا وۆڵف هاوشانی جۆیس بە یەکێک لە پێشەنگەکانی بەکارهێنانی تەکنیکی تەوژمی هۆش دادەنرێت.[6] [7] لە ڕۆمانەکانی وەک "خاتوو دالۆوەی" (Mrs Dalloway) و "بەرەو منارە دەریاییەکە" (To the Lighthouse)، وۆڵف لە گێڕانەوەی ڕووداوە دەرەکییەکان دوور دەکەوێتەوە و تیشک دەخاتە سەر جیهانی ناوەوەی کارەکتەرەکانی.[8] لای ئەو ڕاستەقینەیی ژیان لە ڕووداوە گەورەکاندا نییە، بەڵکو لەو هەست و بیرکردنەوە و یادەوەرییە ورد و پچڕپچڕانەدایە کە لە یەک چرکەدا بە مێشکی مرۆڤدا دێن. ئەو بە ڕەتکردنەوەی پێکهاتەی باوی ڕۆمان توانیی قووڵاییەکی دەروونیی وا بە کارەکتەرەکانی ببەخشێت کە پێشتر لە ئەدەبدا وێنەی کەم بوو.

ڕۆماننووسی ئەمریکایی، ویلیام فۆکنەر، لە شاکارەکەیدا "هەرا و تووڕەیی" چیرۆکێک لە ڕوانگەی چوار کارەکتەری جیاوازەوە دەگێڕێتەوە کە یەکێکیان کەمئەندامە و تێگەیشتنی لە کات و ڕووداوەکان بە تەواوی شێواوە. فۆکنەر بەم کارە یەکێتیی دەنگی گێڕەرەوەی تاک و هەمووشتزانی تێک شکاند و سەلماندی کە "ڕاستی" شتێکی ڕێژەییە و لە ڕوانگەی جیاوازەوە بە شێوەی جیاواز دەبینرێت. خوێنەری ئەم ڕۆمانە ناچارە خۆی پارچەکانی ئەم مەتەڵە ئاڵۆزە کۆ بکاتەوە و هەوڵ بدات ڕاستییەکی فرەڕەهەند تێ بگات.

ڕۆماننووسی ئەرجەنتینی، خولیو کۆرتاسار، لە ڕۆمانی "یاریی خەتخەتێن" (Hopscotch)دا بە شێوەیەکی بناژۆخوازانە ئازادی دەبەخشێتە خوێنەر. ڕۆمانەکە دوو شێوازی خوێندنەوەی پێشنیار کردووە: یەکێکیان بەپێی ڕیزبەندیی ئاسایی بەشەکان و، ئەوی تریان بەپێی خشتەیەکی ئاڵۆز کە خوێنەر لە بەشێکەوە باز دەدات بۆ بەشێکی تر. کۆرتاسار بە مەبەستەوە دەڵێت کە ڕۆمان دەتوانێت یارییەک بێت و خوێنەریش یاریزانێک کە بە هەڵبژاردنەکانی خۆی ئەزموونێکی خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی دروست دەکات.

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[7] Litcharts, Stream of Consciousness Definition, Mrs. Dalloway by Virginia Woolf
[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا ئەدۆنیس بە یەکێک لە گرنگترین ئەو شـــاعیرانە دادەنرێت کە دژی قاڵبە باوەکانی شـیعری عەرەبی وەسـتایەوە.[9] ئەو لە ڕێگەی "شـیعری پەخشـان" (قصـیدة النثر)ەوە کێش و سـەروای بە تەواوی ڕەت کردەوە و بانگەشـەی بۆ زمانێکی شـیعریی ئازاد دەکرد کە لە خودی زمان و وێنە و ڕیتمی ناوەکییەوە سـەرچاوە بگرێت، نەک لە یاسـا دەرەکییەکان.[10] ڕەخنەگری بەناوبانگ خالیدە سەعید کە هاوسەری ئەدۆنیس بوو، ڕۆڵێکی گەورەی لە بەتیۆریکردن و بەرگریکردن لەم بزووتنەوەیەدا هەبوو و بە یەکێک لە نموونە بەرجەسـتەکانی ڕەخنەی نوێی عەرەبی دادەنرێت. ئەو پێی وا بوو ئەدەب تەنیا ڕەنگدانەوەی کەتوار (واقیع) نییە، بەڵکو داهێنان و هەڵکشانە بەرەو کەتوارێکی بەدینەهاتوو و، نوێگەرایی ئاسۆیەکی کراوەیە بەبێ هیچ کۆتاییەک.

شاعیری ئەمریکایی ئی. ئی. کەمینگز (E. E. Cummings) بە شێوەیەکی توندڕەوانە یاری بە یاساکانی ڕێزمان و خاڵبەندی و تەنانەت شـێوازی نووسـینی پیتەکانیشـەوە دەکرد. ئەو پیتی گەورەی بە کار نەدەهێنا (تەنانەت بۆ ناوی خۆیشی)، وشـەکانی لێک دادەبڕی یان پێکەوەی دەلکاندن و، خاڵبەندیی بە شێوەیەک بە کار دەهێنا کە ڕیتم و وێنەی بینراوی نوێی دروست دەکرد. کەمینگز سەلماندی کە شێوازی نووسین (typography) دەتوانێت ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە مانا و جوانیی شـیعر و هیچ یاسـایەکی ڕێزمانی پیرۆز نییە کە نەتوانرێت لە پێناو داهێنانی هونەریدا تێک بشکێنرێت.[11]

ئەو نووسەرانەی بڕوایان بە ئەدەبیاتی لەقاڵبدراو و لەقوتوونراو هەیە، ئەوەی ڕاستی بێت لە داهێنان و بەرپرسـیارێتی دەترسـن. ئەوان پەنا بۆ قاڵبی ئامادەکراو دەبەن، چونکە ئاسـانترە و دەسـتەبەری وەرگرتنێکی بێکێشـە دەکات لە لایەن ئەو خوێنەرانەی کە بڕسـتی بیرکردنەوە و شـیکردنەوەیان نییە. بەڵام نووسـەری ڕاسـتەقینە، وەک میلان کوندێرا دەڵێت، بە دوای "دانایی نادڵنیایی" (the wisdom of uncertainty)دا دەگەڕێت. بە بڕوای کوندێرا ڕۆمان ئەو خاکەیە کە تێیدا هیچ کەس خاوەنی ڕاسـتی نییە، بەڵکو هەمووان مافی ئەوەیان هەیە لێیان تێبگەیت. ڕۆمانێک کە پارچەیەکی نەزانراوی بوون ئاشـکرا نەکات، بەرهەمێکی

[9] https://www.poetryfoundation.org/poets/adonis

[10] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[11] E. E. Cummings: Rhyme, Form, and Meter, Shmoop University, Inc.
gradesfixer.com, Analysis of The Style of E.e. Cummings' Poetry
Wikipedia, E. E. Cummings

نائەخلاقییە. ئەمە بە تەواوی پێچەوانەی ئەدەبیاتی لەقاڵبدراوە کە هەمیشـە هەوڵ دەدات وەڵامی ئامادە و ڕاستیی ڕەها پێشکەش بکات.[12]

ئەدەبیاتی ڕاسـتەقینە خوێنەری چالاک و بیرکەرەوە دروسـت دەکات. تیۆرییەکانی وەرگرتن، وەک ئەوەی وۆڵفگانگ ئایزەر باسی دەکات، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەقی ئەدەبی پڕە لە "کەلێن" (gaps) کە خوێنەر دەبێت بە خەیاڵی خۆی پڕیان بکاتەوە. کاتێک دەقێک هەموو شـتێک بە ڕوونی و ئاشـکرایی دەڵێت و هیچ کەلێنێک بۆ لێکدانەوەی خوێنەر ناهێڵێتەوە، ئەوا ڕەوتی خوێندنەوە دەبێتە ڕەوتێکی میکانیکی و بێزارکەر. خوێنەری ئەدەبیاتی لەقاڵبدراو و لەقوتوونراو ئەو کەسـەیە کە فێرکراوە چاوەڕێی هەموو شـتێک بکات و خۆی هیچ هەوڵێک نەدات.[13]

لە کۆتاییدا دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە ڕەتکردنەوەی قاڵب بە واتای پشتگوێخسـتنی تەکنیک و هونەری نووسـین نییە. بە پێچەوانەوە، نووسـەرە هەرە مەزنەکان ئەوانەن کە بە تەواوی شـارەزای یاسـا و ڕێسـاکانن، بەڵام بە ئاگاییەوە و لە پێناو گەیشـتن بە ئامانجێکی هونەریی بەرزتردا ئەو یاسـایانە تێک دەشـکێنن. هونەرمەندی دیزاینەر، جۆرج لۆیس، لە کتێبی " ئـامۆژگـاریی زۆر بـاش (بۆ خەڵکی بەهرەدار!)" ( Damn Good Advice (For People with Talent!))دا دەڵێت: "دەتوانی وریا بی یان دەتوانی داهێنەر بی، بەڵام شتێک نییە بە نـاوی داهێنەری وریـاوە." ئەدەبیـات گۆڕەپـانی سـەرکێشی و داهێنـانە، نەک پاتەوپاتکردنەوەی قاڵبە سواوەکان.

ئەدەبیاتی لەقوتوونراو لە قوتووی هیچ عەتارێکدا جێی نەبووەتەوە و جێی نابێتەوە، چونکە گیانی ئەدەب لە ئازادیی ڕەهادایە؛ ئازادییەک کە نە سـنوور دەناسـێت و نە ملکەچی هیچ قاڵبێک دەبێت. هەر نووسـەرێک کە ئەم ڕاسـتییە لە بەرچاو نەگرێت، لە باشـترین دۆخدا دەبێتە پیشەسازێکی لێهاتوو، بەڵام هەرگیز نابێتە هونەرمەندێکی داهێنەر.

---

[12] Milan Kundera, The Art of the Novel, Faber & Faber, 1988
[13] Wolfgang Iser, The Act of Reading: A Theory of Aesthetic Response, Johns Hopkins University Press, 1978

## ٢

## ئازادیی ستایل... لە مۆسیقای ڕستەوە بۆ جادووی وەسف

لە درێژەی باسی ئەدەبیاتی لەقاڵبدراو و لەقوتوونراودا دەگەینە یەکێک لە هەستیارترین و لە هەمان کاتدا ئازادترین ڕەهەندەکانی نووسین: ستایل. ستایل ئەو پەنجەمۆرە تایبەتەیە کە نووسەر لە دەقەکەی خۆی دەدات و جیای دەکاتەوە. ئەم پەنجەمۆرە لە وردترین توخمەکانی نووسیندا دەردەکەوێت، لە درێژی و کورتیی ڕستەکانەوە بگرە تا دەگاتە چڕی و تەنکیی وەسف و وردەکارییەکان. هیچ یاسا و ڕێسایەکی پیرۆز و نەگۆڕ نییە کە بە نووسەر بڵێت "دەبێت ئا وا بنووسیت". ڕۆماننووس، چیرۆکنووس و شاعیر لەم گۆڕەپانەدا فەرمانڕەوای ڕەهان و بە گوێرەی پێویستیی دەق و گوڕاح (میزاج)ـی هونەریی خۆیان بڕیار لەسەر شێوازی دارشتن دەدەن.

یەکێک لە دیارترین جیاوازییە ستایلییەکان لە درێژی و پێکهاتەی ڕستەدایە. هیچ قاڵبێکی ئامادەکراو نییە بڵێت ڕستەی باش درێژە یان کورت. دوو نووسەری گەورەی سەدەی بیستەم کە لە دوو جەمسەری تەواو پێچەوانەی یەکەوە وەستاون، باشترین بەڵگەن بۆ ئەم ڕەهایەتییە.

ڕۆماننووسی فەرەنسایی، مارسێل پروست، بە نووسینی هەندێک لە درێژترین و ئاڵۆزترین ڕستەکانی مێژووی ئەدەبیات ناسراوە. لە شاکارەکەیدا "گەڕان بە دوای کاتی لەدەستچوودا"، ڕستەکانی پروست هەندێک جار چەندین لاپەڕە درێژ دەبنەوە. درێژترین ڕستەی لەم ڕۆمانەدا نزیکەی ٩٥٨ وشەیە. بەڵام ئەمە لە خۆڕا نییە؛ پروست ئەم ستایلە بە کار دەهێنێت بۆ ئەوەی لاسایی جووڵەی یادەوەری و تەوژمی هۆش بکاتەوە. ڕستە درێژ و لێکئاڵاوەکانی کە پڕن لە ڕستەی نێوانە و گەڕانەوە بۆ دواوە، ڕێک وەک شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤ کار دەکەن کە لە بیرەوەرییەکەوە باز دەدات بۆ دانەیەکی تر و لە هەستێکەوە دەچێتە ناو هەستێکی ترەوە. لای پروست ڕستە تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی زانیاری، بەڵکو خۆی دەبێتە ئەزموونێکی دەروونی کە خوێنەر تێیدا نوقم دەبێت.[14]

[14] Adam Watt, Marcel Proust's Longest Sentence, observablehq.com
M. M. De Voe, How to Write Proustian Sentences with an Assist from, Yes, Monty Python, Writer's Digest

لەســـەر جەمســـەری بەرانبەر، ڕۆماننووسی ئەمریکایی، ئێرنســـت هێمینگوای، بە ســـتایلی مینیمالیستی و ڕستەی کورت و ڕاشکاو ناسراوە. هێمینگوای کە کاری ڕۆژنامەوانیی کردبوو، بڕوای بە ڕوونی و پوختی هەبوو. ئەو لە وشـــەی زیـادە و ڕازانـدنەوەی بریقەدار دوور دەکەوتەوە و دەیویست بە کەمترین وشە، زۆرترین مانا بگەیەنێت. ستایلە بەناوبانگەکەی کە بە "تیۆریی شـاخە سـەهۆڵەکە" (Iceberg Theory) ناسراوە، لەســـەر ئەم بنەمایە دامەزراوە: تەنیا بەشێکی بچووکی ڕاستییەکان لەسەر ڕووی دەق دەردەکەون و بەشە هەرە گەورەکەی لەژێر ئاودا بۆ تێگەیشتن و هەستی خوێنەر بە جێ دەهێڵرێت. ڕستە کورت و گورزلێدەرەکانی هێمینگوای ڕیتمێکی خێرا و گرژیی دراماتیک دروست دەکەن. ئەو دەیگوت: "یەک ڕسـتەی ڕاسـت بنووسـە. ڕاسـترین ڕسـتەیەک کە دەیزانیت." ئەمە نیشـانەی پابەندبوونی ئەو بوو بە سادەیی و ڕاستگۆیی لە نووسیندا.[15]

لێرەدا دەبینین کە هیچ ســـتایلێک لەوی تریان "باشـــتر" نییە. هەردووکیان لە خزمەت ئـامـانجێکی هونەریی جیـاوازدان. پروســـت دەیەوێـت خوێنەر لە قووڵاییی دەروونی کارەکتەرەکانیدا نوقم بکات، لە کاتێکدا هێمینگوای دەیەوێت ڕووداو و هەســـتەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەر بخاتە ڕوو. نووسەر ئازادە کام ڕێگایە هەڵدەبژێرێت.

وەســـفکردنی ژینگە، شـــوێن، کارەکتەر و شـــتەکان، یەکێکی ترە لەو گۆڕەپانانەی کە ئازادیی نووسـەر تێیدا بێسـنوورە. ئایا دەبێت وەسـف چەندە ورد و درێژ بێت؟ ئایا دەبێت هەمیشـە کەتوارەکی بێت؟ لێرەیشدا ئەدەبیاتی جیهانی نموونەی زۆر جیاوازمان پێشکەش دەکات.

ڕۆماننووسی میسری و براوەی خەڵاتی نۆبڵ، نەجیب مەحفووز مامۆستای وەسفکردنی ورد و کەتوارەکییە. زۆربەی کارەکانی ئەو لە کۆڵانە تەسک و قەرەباڵغەکانی قاهیرەدا ڕوو دەدەن. مەحفووز بە شێوەیەکی ئەوەندە ورد و زیندوو وەسفی ژیانی ڕۆژانە، بینا کۆنەکان، بۆنی قاوە و خواردنەکان و دەنگەدەنگی بازاڕ دەکات کە خوێنەر هەست دەکات خۆی لەوێیە. لای ئەو شـــوێن تەنیا باکگراوندێکی جوگرافی نییە، بەڵکو کارەکتەرێکی زیندووە و ڕۆڵێکی ســـەرەکی لە داڕشـــتنی چارەنووسی مرۆڤەکانـدا دەگێڕێـت. مەحفووز لە ڕێگەی ئەم وەســـفە وردەوە

---

Eric Chevillard translated by: Michael E. Johnson, In Search of Marcel Proust and the Knights Who Say Ni!, Numero Cinq Magazine

[15] Brandon Coward, Ernest Hemingway's Writing Style: The Iceberg Theory, Medium (specifically the "The Writing Cooperative" publication), 2017

Ernest Hemingway, A Moveable Feast, 1964

کۆمەڵگەیەکی بچووککراوە (مایکرۆکۆزم) – کە قاهیرەیە – دروست دەکات کە ڕەنگدانەوەی هەموو جیهانە.[16]

لە بەرانبەر کەتوارەکیی وردی مەحفووزدا نووســـەری کۆڵۆمبی و براوەی خەڵاتی نۆبـڵ، گابریێل گارسیا مارکێز دەرگای بە ڕووی "ڕیالیزمی جادوویی"دا کردەوە. لە ڕۆمانی "سەد ساڵ تەنیایی" و کارەکانی تریدا شتە نامۆ و ئەفسانەیی و خەیاڵییەکان بە شێوەیەک دەگێڕێتەوە و وەسفیان دەکات کە وەک بەشێکی ئاسایی و ڕۆژانەی ژیان دەربکەون. کچێک کە بە هەوادا دەفڕێت، پیاوێک کە پەپوولەی زەرد بە دوایەوەن، یان بارانێکی چەندین ســاڵە، هەمووی بە زمانێکی ســـادە و ڕاپۆرتئاســـا دەگێڕدرێنەوە. مارکێز خۆی دەڵێت: "یەک دێڕیش لە هەموو کارەکانمدا نییە کە بنەمایەکی لە کەتواردا نەبێت." ئەو بە تێکەڵکردنی کەتوار و خەیاڵ ڕەهەندێکی ئەفسانەیی بە ژیانی ئەمریکای لاتین دەبەخشێت و ڕەخنە لە مێژوو و سیاسەتی ناوچەکە دەگرێت.[17]

نووســـەری بەریتـانی، ڤێرجینیـا وۆڵف ڕوو لە جیهـانێکی تر دەکـات: جیهـانی نـاوەوەی کارەکتەرەکان. وەسف لە کنە وۆڵف لە ڕێگەی تەکنیکی "تەوژمی هۆش"ـەوە وەسفی دەرەوە نییە، بەڵکو وەســفی هەســت و بیر و یادەوەرییەکانە. لە ڕۆمانی "خاتوو دالۆوەی"دا خوێنەر پتر لەوەی شــەقامەکانی لەندەن ببینێت، شــەپۆلی بیرکردنەوە و هەســتەکانی کارەکتەرەکان دەبینێت کە چۆن لە بینینی شــتێکی ســادەوە، بیرەوەرییەکی کۆن یان ترســێکی قووڵی دێتەوە یاد. ئەمە نیشان دەدات کە "وەسف" دەتوانێت بە تەواوی بابەتی (subjective) بێت و لە ڕوانگەی تاکەکەسەوە جیهان وێنا بکات.[18]

ئەم ئازادییە لە شــــیعردا دەگاتە لووتکە. ئەدۆنیس بڕوای وایە شــــیعر دەبێت تۆڕێک بێت نەک پەتێکی ڕێکی بیرکردنەوە؛ بۆیە هەوڵی تێکشــــکاندنی هێڵی ڕێکی دەقی شــــیعری داوە. لە

[16] Professor Sture Allén, Award Ceremony Speech, Nobel Prize in Literature 1988
غالي شكري، المنتمي: دراسة في أدب نجيب محفوظ، 1969
د. حسين حمود، دلالة المكان في روايات نجيب محفوظ، 1993
[17] Lois Parkinson Zamora & Wendy B. Faris, Magical Realism: Theory, History, Community, 1995
Peter H. Stone, The Art of Fiction No. 69, The Paris Review, Issue 82, Winter 1981
The Swedish Academy, The Nobel Prize in Literature 1982 - Press Release, October 21, 1982
[18] Virginia Woolf, Modern Fiction, The Common Reader (First Series, 1925
Erich Auerbach, Mimesis: The Representation of Reality in Western Literature, translated by Willard R. Trask, 1953
Litcharts, Virginia Woolf's Mrs. Dalloway: Stream of Consciousness, 2013

ئەدەبیاتی فارسـیدا ڕەخنەگری گەورە عەبدولحوسـێن زەرینکووب  لە کتێبە گرنگەکەیدا "ڕەخنەی ئەدەبی"، بە قووڵی شیکاریی ستایل و فۆرمە جیاوازەکانی ئەدەبیاتی فارسیی کردووە و بەمەیش دان بە فرەچەشـنی و ئـازادیی نووسـەرانـدا دەنێت لە هەڵبژاردنی شـێوازی دەربڕیندا.[19]

زۆرێک لە نووسـەرە گەورەکان خۆیان دانیان بەوەدا ناوە کە هیچ یاسـایەکی مسـۆگەر بۆ نووسین لە ئارادا نییە. نیل گەیمەن دەڵێت: "یاسای سەرەکیی نووسین ئەوەیە کە ئەگەر بە متمانە و دڵنیاییەکی تەواوەوە بنووسـیت، ڕێگەت پێ دەدرێت هەر شـتێک بکەیت کە دەتەوێت. دڵنیانیم هیچ یاسایەکی تر هەبێت کە گرنگ بێت."[20] ئێدواردۆ گالیانۆ، نووسەری ئۆرۆگوایی، دەڵێت "زانسـت بە پێوانەکردن پێش دەکەوێت، هونەر بە پێوانەنەکردن."[21] ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە ئەدەب ناکرێت بخرێتە چوارچێوەی یاسـای ڕەقەوە. خۆرخێ لویس بۆرخێس، نووسەری ئەرجەنتینی، کە بە وردی و پوختیی ستایلەکەی ناسراوە، بە گاڵتەجارییەوە لیسـتێکی لە ١٦ "قەدەغەکاری" بۆ نووسـینی چیرۆک دانا کە لە ڕاسـتیدا ڕەخنەگرتن بوو لە خودی بیرۆکەی یاسـادانـان بۆ ئەدەبیات. بۆرخێس پێی وا بوو هەر نووسـەرێک پێشـینەکانی خۆی دروسـت دەکات؛ واتە کاری نووسـەر تێگەیشـتنی ئێمە لە ڕابردوو دەگۆڕێت، ئەمەیش بەڵگەیەکە لەسـەر ئەوەی کە ئەدەبیات ڕەوتێکی کراوە و بزێوە، نەک کۆمەڵێک یاسای نەگۆڕ.[22]

دواجار دەگەینەوە هەمان ئەو ڕاسـتییەی کە لە سـەرەتاوە باسـمان کرد: ئەدەبیات ڕەهایە. هیچ یاسـایەک نییە بۆ درێژیی ڕسـتە و هیچ قاڵبێک نییە بۆ چۆنیەتیی وەسـف. نووسـەر ئازادە ڕسـتەی درێژی مارسـیل پروسـتانە بە کار بهێنێت یان کورتییەکەی هێمینگوای؛ دەتوانێت وەک نەجیب مەحفووز وردترین وردەکاریی کەتوار وێنا بکات یان وەک مارکێز

---

[19] أدونيس، الثابت والمتحول: بحث في الإبداع والاتباع عند العرب، ج ١، 1974
دکتر عبدالحسین زرین‌کوب، نقد ادبی: جستجو در اصول و طرق و مباحث نقد ادبی با مطالعه در تاریخ نقد و نقادان، انتشارات امیرکبیر، ١٣٤٥

[20] Neil Gaiman’s 8 Rules of Writing, Writer's Digest, 2021

[21] Eduardo Galeano, The Book of Embraces, translated by Cedric Belfrage, W. W. Norton & Company, 1991

[22] Open Culture, Jorge Luis Borges’ 16 Rules for Writing, August 8, 2016
Jorge Luis Borges, Other Inquisitions, 1937–1952, Kafka and His Precursors, translated by Ruth L.C. Simms, University of Texas Press, 1964

جادوو بکات بە کەتوار. تاکە یاسـای ڕاسـتەقینە یاسـای ناوەکیی خودی دەقەکەیە؛ ئەو پێویستییە هونەرییەیە کە وا لە نووسەر دەکات ستایلێک هەڵبژێرێت کە بە باشترین شێوە خزمەت بە گێڕانەوە و بینینە تایبەتەکەی بکات. هەر هەوڵێک بۆ سەپاندنی یاسای دەرەکی هەوڵێکە بۆ خەساندنی داهێنان و بەرهەمهێنانی "ئەدەبیاتی لەقوتوونراو".

## ٣

## یاخیبوونی نووکەقەڵەم: تێکشکاندنی یاساکانی شێواز

ئەدەبیاتی ڕاستەقینە لە بنەڕەتدا کردەیەکی یاخیبوونە؛ یاخیبوون لە چاوەڕوانی، لە باو و، لە هەموو ئەو قاڵب و ڕێسا ڕەقانەی کە هەوڵ دەدەن باڵی خەیاڵ ببەستنەوە. یەکێک لە دیارترین گۆڕەپانەکانی ئەم یاخیبوونە شێوازی نووسینە. نووسەرە مەزنەکان نەک هەر پابەندی یاساکانی خاڵبەندی و ڕێنووێنییەکانی داڕشتنی ڕستە و وەسف نابن، بەڵکو بە ئانقەست دەیانشکێنن تا کاریگەریی هونەریی نوێ و قووڵتر بئافرێنن. لەم گەشتەدا بەناو کارەکانی کۆمەڵێک نووسەری یاخیی جیهاندا دەڕۆین، لە ڕۆمانیای هێرتا مویلەرەوە تا دەگاتە ژاپۆنی کێنزابورۆ ئۆی، بۆ ئەوەی ببینین چۆن تێکشکاندنی "یاسا" دەبێتە خودی "هونەر".

خاڵبەندی وەک پۆلیسی هاتووچۆی ناو دەق بۆ ڕێکخستنی جووڵەی مانا و دابینکردنی وەستانی پێویست دانراوە. بەڵام چی دەبێت ئەگەر نووسەرێک بیەوێت هەستی خنکان، پشووسواری، یان تێکەڵاوبوونی دەنگەکان بگوازێتەوە؟ لێرەدا پۆلیسەکە لەسەر کار لا دەبرێت.

هێرتا مویلەر، براوەی خەڵاتی نۆبڵ، کە لەژێر ستەمی ڕژێمی دیکتاتۆریی چاوشێسکۆدا ژیاوە، شێوازێکی نووسینی داهێناوە کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەو ژیانە پڕ لە ترس و چاودێرییەیە. مویلەر زۆر جار خاڵبەندی، بە تایبەت "فاریزە" (،)، بە کار ناهێنێت. ڕستەکانی درێژ، هەناسەبڕ و، لێکئاڵاون و وشەکان وەک لێشاوێک بە دوای یەکدا دێن، بەبێ ئەوەی خوێنەر دەرفەتی هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەبێت. ئەمە لە خۆڕا نییە؛ ئەم شێوازە هەستی خنکان و فشار و ئەو دۆخە دەروونییە دەگوازێتەوە کە مرۆڤ تێیدا هەست دەکات ناتوانێت بوەستێت، چونکە وەستان مەترسیدارە. لە ڕۆمانی "دڵئاژەڵ"دا ئەم تەکنیکە دەگاتە لووتکە و خوێنەر هەست دەکات لەگەڵ کارەکتەرەکاندا لە هەڵاتندایە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی جەستەییەوە جووڵەیش نەکەن. مویلەر بە لابردنی خاڵبەندی زمان دەکاتە ئاوێنەی دۆخی سیاسی و دەروونیی کارەکتەرەکانی.[23]

[23] Grazina Paul, Herta Müller's Language of Resistance, Boston Review, November 18, 2009
Brigid Haines, FROM INJURY TO SILENCE: METAPHORS FOR LANGUAGE IN THE WORK OF HERTA MÜLLER, German Life and Letters, Wiley-Blackwell, 1997, Vol. 50, No. 2

براوەیەکی تری نۆبڵ، خۆزێ ساراماگۆ، بە شێوازێکی تەواو جیاواز یاساکانی خاڵبەندی دەشکێنێت. لە ڕۆمانی "کوێری"دا نیشانەی پرسیار (؟)، نیشانەی سەرسوڕمان (!) و، نیشانەی گوتەی ڕاستەوخۆ (" ") بە کار ناهێنێت. گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان بەبێ هیچ جیاکەرەوەیەک لەناو پەرەگرافە درێژەکاندا تێکەڵ دەکرێن و تەنیا بە پیتی گەورە لە سەرەتای قسەکەدا و دانانی فاریزەیەک لێک جیا دەکرێنەوە. ئەم کارە وا دەکات سنووری نێوان دەنگی گێڕەرەوە و دەنگی کارەکتەرەکان، یان تەنانەت دەنگی کارەکتەرە جیاوازەکان، لێڵ بێت. بەمە ساراماگۆ دەیەوێت هەستی گشتیبوون و تێکەڵاوبوونی چارەنووسەکان نیشان بدات؛ وەک ئەوەی هەمووان یەک چیرۆکی بەکۆمەڵ بگێڕنەوە کە لە کارەساتێکی گشتیدا وەک "کوێری" زۆر گونجاوە.[24]

کێنزابورۆ ئۆی، ڕۆماننووسی ژاپۆنی و براوەی نۆبڵ بە پێچەوانەی شێوازی باوی ئەدەبی ژاپۆنی کە بە کورتی و پوختی ناسراوە، ڕستەی زۆر درێژ و ئاڵۆز بە کار دەهێنێت کە هەندێک جار بە "ڕستەی ئەڵمانی" ناو دەبرێن. ئۆی کە کاریگەریی فەلسەفەی ئەورووپایی لەسەرە، ئەم شێوازە بۆ گوزارشتکردن لە ئاڵۆزیی بیرکردنەوە و ململانێ هزری و دەروونییەکانی کارەکتەرەکانی بە کار دەهێنێت کە زۆر کەڕەت لەگەڵ کێشەی بوون و ناسنامە و بەرپرسیارێتیدا دەجەنگن.[25] ڕەخنەگری ئێرانی ڕەزا بەراهەنی لە کتێبی "چیرۆکنووسی" (قصه نویسی-)دا (١٩٨٩)، کاتێک باس لە کاریگەریی ئەدەبیاتی جیهانی لەسەر نووسەرانی ئاسیا دەکات، ئاماژە بە نووسەرانی وەک ئۆی دەکات کە چۆن بە ئانقەست زمانێکی ئاڵۆز و فەلسەفی بە کار دەهێنن بۆ گوزارشتکردن لە نامۆبوونی مرۆڤی مۆدێرن کە ئەمەیش پێچەوانەی شێوازی سادە و کلاسیکییە.

---

Larry Wolff, Where the Wind Is a Wolf, The New York Times Book Review, December 1, 1996
[24] José Saramago, Blindness, translated by Giovanni Pontiero, Harvill Press (UK), 1997
Dr. Asmaa Adnan Al-Atawi, Effect of Punctuation on Complexity of Blindness by Saramago, European Journal of English Language and Literature Studies (Vol.6, No.4), June 2018
Roz Morris, Find the style that fits the story – Jose Saramago's Blindness, Nail Your Novel, May 14, 2012
[25] The Swedish Academy, The Nobel Prize in Literature 1994 - Press Release, October 13, 1994
Scott D. Vander Ploeg, Kenzaburō Ōe - Critical Essay, Twentieth-Century Literary Criticism, Vol. 123, Gale Group, 2002
Susan Napier, Escape from the Wasteland: Romanticism and Realism in the Fiction of Mishima Yukio and Oe Kenzaburo, Harvard University Asia Center, 1991

کۆرماک مەکارسیی ڕۆماننووسی ئەمریکایی بە شێوازە زۆر مینیمالیستییەکەی لە خاڵبەندیدا ناسراوە. ئەو نیشـــانەی گوتەی ڕاســـتەوخۆ بە کار ناهێنێت و زۆر جار فاریزەیش فەرامۆش دەکات. ئەمە وا دەکات نووســـینەکەی هەســـتێکی کتێبە پیرۆزەکان یان داســـتانە کۆنەکانی هەبێت؛ زمانێکی پوخت، ڕەق و، بەپێ کات. مکارسی باوەڕی وایە پێویســـت ناکات "پەڕەکە بەم نیشانە بچکۆلە سەیرانەوە ناشرین بکرێت" و هەر بۆیە نیشانەی گوتەی ڕاستەوخۆ بە کار ناهێنێت.[26]

یاسایەکی باو هەیە کە دەڵێت "ڕستەی کورت بۆ ئەکشن و ڕستەی درێژ بۆ وەسف باشە". بەڵام نووســەرە گەورەکان ئەم یاســایە وەک گاڵتەجاڕییەک دەبینن و دەزانن کە شــێواز تەنیا جوانکاری نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی ئەزموونێکی دەروونی دیاریکراو. بۆیە ئەوان "یاســا باوەکان" وەک خاڵی دەســتپێک دەبینن، نەک وەک کۆتایی ڕێگاکە و، بە ئازادییەکی تەواوەوە یارییان پێ دەکەن.[27]

تۆلســتۆی لە شــاکارە گەورەکەیدا، "جەنگ و ئاشــتی"، بە وردترین شــێوە وەســفی دیمەنی جەنگ، ئاهەنگەکانی ســەما و، دۆخی دەروونیی کارەکتەرەکانی دەکات. وەســفەکانی ئەوەندە درێژ و تێر و تەسەلن کە خوێنەر بە تەواوی لەناو دیمەنەکەدا نوقم دەبێت. تۆلستۆی بڕوای بەوە بوو کە بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ و مێژوو دەبێت هەموو وردەکارییەکان بخرێنە ڕوو.[28]

لە بەرانبەر تۆلســتۆیدا یاسوناری کاواباتای براوەی نۆبڵ شــێوازێکی زۆر پوخت و شــاعیرانەی هەیە کە نزیکە لە ڕۆحی شــیعری هایکووەوە. ئەو بە چەند ڕســـتەیەکی کورت و ئاماژەیەکی بچووک دۆخێکی دەروونیی قووڵ یان دیمەنێکی پڕ لە جوانی دەئافرێنێت. کاواباتا زۆر شـــت

[26] Cormac McCarthy, The Oprah Winfrey Show, 2007
Bryan Garner, A Primer on the Punctuation of Cormac McCarthy, Texas Law Review, 2003
[27] Gary Provost, 100 Ways to Improve Your Writing, 1985
George Steiner, Tolstoy or Dostoevsky: An Essay in the Old Criticism, 1959
[28] Isaiah Berlin, The Hedgehog and the Fox, The Hedgehog and the Fox: An Essay on Tolstoy's View of History, Weidenfeld & Nicolson (UK), 1953

ناڵێت و بۆشایی زۆر بۆ خەیاڵی خوێنەر بە جێ دەهێڵێت تا خۆی پڕی بکاتەوە. ئەمە بنەمای جوانیناسیی ژاپۆنی "یوجین" (yūgen)ە کە بریتییە لە جوانیی شاراوە و قووڵ.[29]

ئۆرهان پاموک کە ئەمیش براوەیەی خەڵاتی نۆبڵە و خەڵکی تورکیایە، مامۆستای تێکەڵکردنی ڕستەی درێژی لێکئالاو و ڕستەی کورتی بڕندەیە. لە ڕۆمانی "من ناوم سوورە"دا فرەدەنگی بە کار دەهێنێت و تەنانەت شتە بێگیانەکانیش دەبنە گێڕەرەوە. پاموک دەیسەلمێنێت کە نووسەری لێهاتوو بە گوێرەی پێویستیی دەق، ئاوازی ڕستەکانی دەگۆڕێت.[30]

مەحموود دەوڵەتئابادی لە شاکارە ١٠ بەرگیی "کەلیدەر"دا نەک هەر ژیانی خێڵەکی و گوندنشینانی خۆراسان دەگێڕێتەوە، بەڵکو بە شێوازێکی زمانەوانیی ناوازە جیهانێک دەئافرێنێت کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا وێنەی کەم بووە. تایبەتمەندیی سەرەکیی شێوازەکەی بریتییە لە بەکارهێنانی ڕستەی زۆر درێژ، هەناسەبڕ و، لێکئالاو و بەناویەکداچوو کە هەندێک جار چەندین دێڕ و نیوە-لاپەڕەیەک دەگرنەوە. ئەم ڕستانە تەنیا بۆ درێژکردنەوە نین؛ بەڵکو ئامرازێکن بۆ نوقمکردنی خوێنەر لەناو کات و شوێنێکی دیاریکراودا. دەوڵەتئابادی لەناو یەک ڕستەدا، وەسفی جووڵەی کارەکتەرێک، دەنگی بای ناو گژوگیا، بۆنی نان ، وردەکاریی جلوبەرگی کەسێک و، بیرکردنەوە ناوەکییەکانی پێکەوە گرێ دەدات. وەسفەکانی بۆ سروشت، ئاژەڵەکان و، دابونەریتی خەڵک ئەوەندە ورد و زیندوون کە لە وەسف تێ دەپەڕن و دەبنە ئەزموونێکی هەستەکی. بۆ نموونە، کاتێک وەسفی دۆشینی مەڕێک دەکات، تەنیا ناڵێت "مەڕەکەی دۆشی"، بەڵکو وەسفی دەنگی بەرکەوتنی شیر بەناو سەتڵەکە، بۆنی خوریی تەڕی مەڕەکە، جووڵەی پەنجەکانی بێرییەکە و، دەنگی هەناسەکانی ئاژەڵەکە دەکات. ئەم وردبینییە وای کردووە ڕەخنەگران شێوازەکەی بە "سینەمایی" یان "بەڵگەفیلمێک" بچووێنن. ڕاستییەکەی، "کەلیدەر" تەنیا ڕۆمان نییە، بەڵکو ئینسایکلۆپیدیایەکی زیندووی ژیانی کوردەوارییە: لە شێوەزاری خەڵکەکەوە بگرە تا دەگاتە جلوبەرگ، خواردن، بیروباوەڕی ئەفسانەیی و، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. هەموو ئەمانە لە ڕێگەی ئەو پەخشانە چڕ و تێر و تەسەلەوە پێشکەش دەکرێن. جا ڕەزا بەراهەنی لە کتێبی "چیرۆکنووسین"دا جەخت لەوە

[29] Van C. Gessel, Three Modern Novelists: Sōseki, Tanizaki, Kawabata, Kodansha International, 1993
Noriko Tachibana, The Aesthetics of Linked-Verse Poetry in Yasunari Kawabata's 'The Lake', New Voices in Japanese Studies, Vol. 1, 2005
[30] Orhan Pamuk, My Name Is Red, translated by Erdag M. Goknar, Alfred A. Knopf (US), 2001
Gloria Fisk, Orhan Pamuk and the Good of World Literature, Columbia University Press, 2018

دەکاتەوە کە ئەم وردبینییەی دەوڵەتئابادی زیادە نییە، بەڵکو پێویستییەکی هونەرییە بۆ دروستکردنی جیهانێکی گەورە و باوەڕپێکراو کە تێیدا وردەکارییەکان بابەتە گشتییەکان دروست دەکەن.[31]

شێوازی نووسینی مۆ یان، کە براوەی خەڵاتی نۆبڵە و بە "ڕیالیزمی ساوێرزا" (hallucinatory realism) ناسراوە، بە تەواوی لەسەر ئەزموونێکی هەستەکیی چڕ دامەزراوە.

مۆ یان مامۆستای "وردەکاریی هەستەکیی سەرووکەتوارگەرایی" (Sensory Hyperrealism)ـە. بە پێچەوانەی تۆلستۆی یان دەوڵەتئابادی کە وردەکاریی بینراو و کەتوارەکی بۆ دروستکردنی وێنەیەکی ڕوونی بەڵگەنامەیی بەکار دەهێنن، وردەکارییەکانی مۆ یان بۆ وێناکردنی کەتوار نییە، بەڵکو بۆ وێناکردنی هەست و بۆن و بەرکەوتنە بە شێوەیەکی خاو و توند. بۆ نموونە: کاتێک باسی کێڵگەیەکی هەرزن دەکات لە ڕۆمانی "سوورهەرزن" (Red Sorghum)دا، تەنیا باسی ڕەنگە سوورەکەی یان شێوەی دانەوێڵەکان ناکات؛ بەڵکو باسی بۆنی تیژی هەرزنەکە دەکات کاتێک لەگەڵ بۆنی خۆڵ و خوێن و عارەقی کرێکارەکاندا تێکەڵ دەبێت. باسی هەستی لووسبوونی گەڵاکان لەسەر پێست و، گەرمییەکی خنکێنەر دەکات کە لە زەوییەکەوە هەڵدەستێت. لە دیمەنێکی شەڕدا وردەکارییەکان بریتین لە بۆنی باروت، دەنگی هاواری برینداراەکان و، هەستی بەرکەوتنی خوێنێکی گەرمی لینج بە دەموچاودا. خوێنەر لێرەدا جیهانەکە نابینێت، بەڵکو بۆنی دەکات، دەیچێژێت و، هەستی پێ دەکات. ئەو شێوازێکی دڕندانە و جەستەییی هەیە.

ڕستەکانی مۆ یان زۆر جار درێژن، بەڵام بۆ ئامانجێکی شێتانە! لێ درێژییەکەیان لە هیی پروست یان فۆکنەر ناچێت. لای پروست ڕستەی درێژ بۆ گەشتێکی هزریی ئارامە بەناو یادەوەریدا. لای فۆکنەر بۆ گواستنەوەی لێشاوی ئاڵۆزی هۆشیارییە. بەڵام لای مۆ یان ڕستە درێژەکان وەک لێشاوێکی شێتانە وان کە هەموو شتێک لەگەڵ خۆیاندا ڕادەماڵن. ڕستە درێژەکانی زۆر جار پڕن لە جووڵە، دەنگ و، بۆنی جیاواز کە بە خێرایی و بەبێ وەستان بە دوای یەکدا دێن. هەستێکی خێرایی و ئاژاوە و وزەیەکی سەرکێشانە دروست دەکەن، نەک

---

31 رضا براهنی، قصه‌نویسی، انتشارات اشرفی، ۱۳۴۸
هوشنگ گلشیری، باغ در باغ، انتشارات نیلوفر، ۱۳۷۸
دکتر محمد رضا قربانی، بررسی ساختار زبان و روایت در رمان کلیدر، فصلنامه نقد ادبی، ۱۳۹۲

هەســـتی تێڕامان. وەک ئەوەی گێڕەرەوەیەک بە پەلە و بە هەناســـەبڕکێ و بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە چیرۆکێک بگێڕێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت لە پڕێکدا پەنا بۆ ڕســـتەی زۆر کورتی بڕندە ببات، بەتایبەت بۆ وەســـفکردنی کردارێکی توندوتیژ یان گەیاندنی وێنەیەکی کاریگەر.[32]

[32] The Swedish Academy, The Nobel Prize in Literature 2012 - Press Release, October 11, 2012
Howard Goldblatt, The Real Mo Yan, Los Angeles Review of Books, February 4, 2013
د. عبدالله إبراهيم، السرديات الخادعة: مساءلة الإمبراطورية المتخيلة، المركز الثقافي العربي، بيروت/الدار البيضاء، 2016
دکتر مریم لاری، بررسی رئالیسم وهم‌آلود در آثار مو یان با تکیه بر رمان ذرت سرخ، فصلنامه پژوهش‌های ادبیات تطبیقی، 2017

## ٤

## پۆلیسی ئەدەبیات: مەترسیی ڕەخنەی قاڵبساز

لەناو کێڵگەی پان و بەرینی ئەدەبیاتدا کە دەبوو گۆڕەپانی ئازادیی ڕەها و داهێنانی بێســـنوور بێت، جارجار هەندێک دەنگ دەردەکەون کە خۆیان وەک "پاســەوانی ڕێســا" و "پۆلیسی-زمان" دەناســێنن. ئەم بە-ناو-ڕەخنەگرانە کە دەیانەوێت هەموو دەســتەکان بکەنە یەک مشــت، بە چەکوشی یاســا و قاڵبی ئامادەکراوەوە دەیانەوێت هەموو دەقێکی ئەدەبی بخەنە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە. ئەوان ڕەخنە لە ڕستەی درێژ، پەرەگرافی ئاڵۆز، وەسفی ورد و، یاخیبوونی نووســەر لە خاڵبەندی دەگرن. لە بنەڕەتدا ئەمانە لە جەوهەری ئەدەبیات نەگەیشتوون و بەبێ ئەوەی هەست بکەن، بانگەشە بۆ ئەدەبیاتێکی کاڵوکرچ و لەقوتوونراو دەکەن؛ ئەدەبیاتێک کە گیانی لێ ســەندراوەتەوە و تەنیا ئێســکەپەیکەرێکی بێجووڵەی ماوەتەوە. ئەم جۆرە ڕەخنەیە نەک هەر مافی نییە، بەڵکو ژەهرێکە کە ئەدەبیات تووشی شەلەل و زڕی دەکات.

ئەگەر ئەم ڕەخنەگرە قاڵبسازانە دەرفەتیان هەبووایە، بێ گومان دەچوونە بەردەم گەورەترین نووسەرانی مێژوو و پێیان دەگوتن: "ئێوە هەڵەن!" با بزانین وەڵامی نووسەران چی دەبوو:

پۆلیسی-ئەدەبیات دێت و دەڵێت: "ڕســتەکانت زۆر درێژن، خوێنەر ماندوو دەکەن و تێیان ناگات." ئەگەر ئەم قسەیە بە مارسێل پروست بگوترایە کە درێژترین ڕستەی ڕۆمانی "گەڕان بە دوای کاتی لەدەســتچوودا" نزیکەی ٩٥٨ وشــەیە، پێدەکەنی. پروســت بە ئانقەســت ڕســتەی درێژ و تێکچڕژاو بە کار دەهێنێت بۆ ئەوەی لاســاییی جووڵەی یادەوەری و تەوژمی هۆش بکاتەوە. یان ئەگەر ڕووبەڕووی خۆزێ ســاراماگۆ ببنەوە، کە پەرەگرافەکانی هەندێک جار چەندین لاپەڕە درێژ دەبنەوە و ڕســتەکانی بەبێ وەســتان بە دوای یەکدا دێن، ســاراماگۆ پێیان دەڵێت کە ئەمە شــێوازی ئەو نییە، بەڵکو شــێوازی خودی ژیانە کە بەبێ پچڕان بەردەوامە. لای ویلیام فۆکنەر ڕســـتە درێژەکان ئاوێنەی ئاڵۆزیی دەروونی کارەکتەرەکانن. هەروەها لاسلۆ کراسناهۆرکای کە بە "مامۆستای هاوچەرخی کۆتاییهاتنی جیهان" ناسراوە، بۆ گوزارشتکردن لە گەشتێکی هزریی ماندووکەر ڕستەگەلێکی ماراسۆنی و بێکۆتا دەنووسێت. کراســـناهۆرکای نەک هەر باسی کۆتاییهاتنی مانایی و ڕۆحیی مرۆڤ دەکات، بەڵکو شــێوازە

زمانەوانییەکەیشی– (ڕستەی درێژی بێکۆتایی) بە شێوەیەکی بلیمەتانە وا دەکات خوێنەر خودی ئەزموونی ئەو دارمانە هێواش و خنکێنەرە بژی. لای ئەو فۆرم و ناوەڕۆک یەکن.[33]

پۆلیسی ئەدەبیات دەڵێت: "وەسفەکانت زۆرن و خوێنەر بێزار دەکەن. ڕاستەوخۆ برۆ سەر باسەکە." ئەگەر ئەمە بە لێڤ تۆلستۆی لە "جەنگ و ئاشتی"دا بگوترایە کە چەندین لاپەڕە بۆ وەسفی جلوبەرگی ئاهەنگێک یان دیمەنێکی جەنگ تەرخان دەکات، دەیگوت "ئێوە لە ڕۆحی داستانی ناگەن". ئەگەر بە نەجیب مەحفووز بگوترایە لە "سیانەی قاهیرە"دا، کە بە وردترین شێوە کۆڵان و بازاڕ و بۆن و دەنگەکانی قاهیرە وەسف دەکات، دەیگوت "شوێن لای من تەنیا باکگراوند نییە، بەڵکو کارەکتەرێکی زیندووە". گابرێل گارسیا مارکێز بە وەسفە ورد و خەیاڵییەکانی جیهانێکی جادوویی لە گوندی ماکۆندۆ دروست دەکات کە بەبێ ئەو وردەکارییانە هەرگیز نە دەهاتە بوون.

پۆلیسی ئەدەبیات دێت و بە هێرتا مویلەر دەڵێت: "تۆ فاریزە بە کار ناهێنیت و ڕستەکانت هەناسەبڕن." مویلەر بەرسڤی دەداتەوە: "من دەمەوێت هەستی خنکان و هەناسەبڕکێی ژیان لەژێر دیکتاتۆرییەتدا بگوازمەوە؛ ئایا دیکتاتۆرییەت فاریزە و پشوودان دەناسێت؟" یان کاتێک بە کۆرماک مکارسی دەڵێن: "بۆچی نیشانەی گوتەی ڕاستەوخۆ بە کار ناهێنیت؟" ئەو بە سادەیی دەڵێت کە پێویست ناکات و ناشرینە.

ئەم جۆرە ڕەخنانە لە چەند تێنەگەیشتنێکی بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرن: تێنەگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک. لای نووسەری داهێنەر شێواز (فۆرم) شتێکی زیادە و ڕازێنەرەوە نییە، بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لە ناوەڕۆک. شێوازی هەناسەبڕکێی مویلەر خودی ناوەڕۆکی ترسە. ڕستە ئاڵۆزەکانی پروست خودی ناوەڕۆکی یادەوەرییە. بۆیە ڕەخنەگرتن لە فۆرم بەبێ تێگەیشتن لە کارکردی لەناو ناوەڕۆکدا ڕەخنەیەکی ڕووکەشی و بێمانایە. بە پیرۆزکردنی یاسای ڕێزمان لەناو ئەدەبدا جێی نابێتەوە. زمانی ئەدەبی زمانی ڕۆژانە و زمانی زانستی نییە. نووسەر مافی ئەوەی هەیە یاری بە زمان بکات، بیشێوێنێت و، لە یاساکانی لا بدات بۆ گەیشتن بە کاریگەریی هونەری. وەک میلان کوندێرا لە کتێبی "هونەری ڕۆمان"دا

[33] James Wood, Madness and Civilization, The Guardian, May 24, 2012
Colm Tóibín, A Man of Headlong Sentences, The New Yorker, July 20, 2015

دەڵێت، ڕۆمـاننووس دۆزەرەوەی لایەنە نەزانراوەکانی بوونە، نەک پەیڕەوکەری یـاســـا کۆنەکان.

ئەم ڕەخنەگرانە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ داوای ئەدەبیاتێک دەکەن کە ئاسان بخوێنرێتەوە و پێویستی بە بیرکردنەوە و ماندووبوون نەبێت. ئەوان خوێنەرێکی سادە و "لەقوتوونراو"یان دەوێت کە وەک منداڵ چاوەڕێی خواردنی ئامادەکراو بکات. ئەوا خوێنەری تەمبەڵ چێ دەکەن. بەڵام ئەدەبیاتی مەزن، وەک وۆڵفگانگ ئایزەر لە "تیۆریی وەرگرتن"دا باسی دەکات، پڕە لە "بۆشـایی" کە خوێنەر دەبێت بە خەیاڵی خۆی پڕیان بکاتەوە. ئەدەبیاتێک کە هەموو شتێک بە ئامادەیی بداتە دەست خوێنەر، ئەدەبیاتێکی مردووە.

کاتێک ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زاڵ دەبێت، ئەدەبیات تووشی چەند نەخۆشـییەکی کوشـندە دەبێت. کوشتنی داهێنان؛ نووسـەرە گەنجەکان لە ترسی ڕەخنە ناوێرن ئەزموون و تاقیکاریی نوێ بکەن. ئەوان لە بری ئەوەی بە دوای دەنگی تـایبەتی خۆیـانـدا بگەڕێن، هەوڵ دەدەن لاســـایی قاڵبە پەســـەندکراوەکان بکەنەوە. ئەمەیش دەبێتە هۆی وەســـتان و دواکەوتنی ئەدەبیـات. ئۆرهـان پـاموک کە هەمیشـــە یـاری بە فۆرمی ڕۆمـان دەکـات، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە ئەگەر گوێی لەم ڕەخنانە بگرتایە، هەرگیز نەیدەتوانی شاکارەکانی بئافرێنێت.

ئەگەر هەموو نووســـەران پابەندی یەک کۆمەڵە یاســـا بن، ئەوا هەموو بەرهەمەکان لە یەکدی دەچن و یەکڕەنگ دەبن. فرەچەشـــنی و فرەڕەنگی کە جوانیی ســـەرەکیی ئەدەبیاتی جیهانە، نامێنێت. جیاوازیی نێوان شـــێوازە داســـتانییەکەی مەحموود دەوڵەتئابادی لە "کەلیدەر"دا و شـــێوازە شـــاعیرانە و پوختەکەی یاســـوناری کاواباتا لە "وڵاتی بەفر"دا ئەو سامانەیە کە ئەم ڕەخنەیە دەیەوێت لەناویان بەرێت.

ئەم بە-ناو-ڕەخنەگرانە میراتی ئەدەبی بێبایەخ دەکەن. ئەگەر ئەم یاسـایانە ڕاسـت بن، ئەوا دەبێت زۆربەی شـــاکارە نەمرەکانی ئەدەبیاتی جیهان فڕێ بدەین. دەبێت بڵێین جەیمس جۆیس، فرانز کافکا، مارگریت دوراس، خولیو کۆرتاســـار و، ســـەدانی تر هەڵە بوون. ئەمە گاڵتەجاڕییەکی گەورەیە.

## ٥

## پۆلیسی زمانی ستاندارد – "زمانەکەت گوندییە!"

جۆرێکی تری پۆلیسی ـ ئەدەبیات هەیە کە لەوانەی پێشووتر مەترسیدارترە، چونکە چەکوشەکەی تەنیا بەسەر شێوازەوە نییە، بەڵکو بەسەر گیان و ناسنامەی زمانەکەوەیە. ئەم پۆلیسە دێت و بە نووسەر دەڵێت: "زمانەکەت زۆر ناوچەییە، خەڵکی شارەکانی تر تێی ناگەن،" یان "ئەمە زمانی ئەدەبیات نییە، زمانی گوند و لادێیە." لە بنەڕەتدا ئەمە بانگەشەیە بۆ "زمانی لەقاڵبدراو"؛ زمانێکی ستانداردی سارد و سڕ کە لە هەموو ڕەنگ و بۆن و تامێکی ناوچەیی داماڵرابێت. ئەم بیرکردنەوەیە ژەهرێکە کە دەیەوێت باخچەی فرەڕەنگی زمانەکان بکاتە بیابانێکی تەخت و یەکڕەنگ. زمان بوونەوەرێکی زیندووە، لەناو خەڵک و لەسەر خاکی خۆی گەشە دەکات. سڕینەوەی شێوەزار و زمانی ناوچەیی لە ئەدەبدا وەک ئەوە وایە داوا لە نیگارکێش بکەیت تەنیا ڕەنگی خۆڵەمێشی ـ بە کار بهێنێت. بەڵام نووسەرە هەرە مەزنەکانی جیهان نەک هەر گوێیان بەم پۆلیسانە نەداوە، بەڵکو شانازیی گەورەیان ئەوە بووە کە توانیویانە مۆسیقای تایبەتی ناوچەکەی خۆیان بگوازنەوە بۆ ئەدەبیاتی جیهانی.

هیچ نووسەرێک هێندەی ویلیام فۆکنەر خزمەتی بە زمانی ناوچەیی خۆی نەکردووە. ئەو ناوچەکەی خۆی، "یۆکناپاتۆفا کاونتی" (Yoknapatawpha County)، کە لەسەر نەخشەی ویلایەتی میسیسیپی دایناببوو، تەنیا بە ڕووداوەکانی زیندوو نەکردەوە، بەڵکو بە زمانەکەیشی. کارەکتەرەکانی فۆکنەر، چ سپیپێست بن چ ڕەشپێست، چ دەوڵەمەند بن چ هەژار، هەریەکەیان بەو شێوەزارە تایبەتەی خۆیان قسە دەکەن کە پڕە لە ئیدیۆم، ڕستەی ناتەواو و، ڕیتمی تایبەتی باشووری ئەمریکا. فۆکنەر دەیزانی کە زمان تەنیا ئامرازی گەیاندن نییە، بەڵکو ئاوێنەی مێژوو، چینی کۆمەڵایەتی و، دەروونی کارەکتەرەکانە. ئەگەر پۆلیسی ـ زمانی ستاندارد دەسەڵاتی هەبووایە، شاکارێکی وەک "هەرا و تووڕەیی" دەبووە ڕۆمانێکی بێگیانی ستاندارد.[34]

بۆ دەیان ساڵ ئەدەبیاتی عەرەبی لەژێر هەژموونی زمانی عەرەبیی ستانداردی فوسحە (الفصحی)دا بوو کە زمانی نووسین و ڕاگەیاندن بوو. زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵک

---

[34] David Minter, William Faulkner: His Life and Work, Johns Hopkins University Press, 1980

(العامية) به زمانێکی "نزم" و ناشـــایســـته بۆ ئەدەبیات دادەنرا. بەڵام نەجیب مەحفووز لە شـــاکارەکەیدا "ســـیانەی قاهیرە"، ئەم یاســـایەی شـــکاند. گێڕانەوەکەی بە زمانی فوســـحا دەنووسی، بەڵام کاتێک کارەکتەرەکانی قســـەیان دەکرد، بە شـــێوەزاری قاهیرەیی قســـەیان دەکرد. ئەمە شـــۆڕشـــێک بوو کە واقیعییەتێکی بێوێنەی بەخشـــییە کارەکانی و دەرگای بۆ ســـەدان نووســـەری تر کردەوە تا زاتی ئەوەیان هەبێت بە زمانی زیندووی خەڵکی خۆیان بنووسن.[35]

ڕۆمانی "کەلیدەر"ی مەحموود دەوڵەتئابادی تەنیا چیرۆکی خێڵە کوردەکانی خۆراسـان نییە، بەڵکو سروودی فەوتانی زمان و فەرهەنگی ئەو ناوچەیەیە. زمانی ڕۆمانەکە تەنیا فارســـی ســـتاندارد نییە؛ بەڵکو زمانێکە کە تێکەڵ بە وشـــە، ئیدیۆم و، پێکهاتەی ڕســـتەســـازیی شـێوەزاری خۆراسـانی بووە. دەوڵەتئابادی زمانێکی نوێی لەناو زمانی فارسـیدا داهێنا کە هەم داســـتانی بوو و هەم زۆر ناوچەیی. ئەو باوەڕی وا بوو کە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو خەڵکە دەبێـت بە زمـانی خۆیـان بـدوێـت، زمـانی ژیـانی ڕۆژانە و سروشـــت و مەڕ و مـاڵات و شاخەکانیان.[36]

لە ئەورووپا ئێرڤین وێڵش لە ڕۆمانی "چاودێریکردنی شەمەندەفەر" (Trainspotting)دا بە شـــێوەیەکی توندڕەوانە زمانی ســـتانداردی ئینگلیزیی فڕێ دا. ئەو ڕۆمانەکەی بە شـــێوەزاری خەڵکی چینی کرێکاری شـــاری ئێدینبرە نووسی، تەنانەت بە شـــێوەی فۆنەتیک (دەنگی). لە ســـەرەتادا خوێندنەوەی بۆ خوێنەری ئینگلیزیزمان کارێکی ئەســـتەم بوو، بەڵام ئەمە کردەیەکی هونەری و ســـیاســـیی بەئانقەســـت بوو. وێڵش دەیویســـت بڵێـت زمـانی ئەم چینە پەراوێزخراوەیش هێندەی زمانی شـــاژن ئێلیزابێس شـــایســـتەی ئەدەبیاتە. ئەو بەم کارەی سەلماندی کە زمان دەتوانێت ببێتە چەکی بەرگریی فەرهەنگی.[37]

شـــێوازی نووســـینی مۆ یان پڕە لە ژیانی لادێی ناوچەی "گۆمی" لە پارێزگای شـــاندۆنگ. هەرچەندە بە زمانی چینیی ستاندارد دەنووسێت، بەڵام زمانەکەی پڕە لە وشـە، وەسـف و، ئیدیۆمی ناوچەیی کە بۆنی خاک و گژوگیا و ژیانی گوندی لێ دێت. زمانی کارەکتەرەکانی زمانی فەیلەسـووفەکانی پەکین نییە، بەڵکو زمانی خەڵکێکی سـادەیە کە بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ،

[35] غالي شكري، نجيب محفوظ: من القومية إلى العالمية، سينا للنشر، القاهرة، 1991
[36] رضا براهنی، گزیده نقدهای رضا براهنی بر ادبیات داستانی، انتشارات نگاه، تهران، ۲۰۱۸
[37] Robert A. Morace, Irvine Welsh's Trainspotting: A Reader's Guide, Continuum, 2002

زبر و، هەندێک جار زمانشڕانە بیر و هەستی خۆیان دەردەبڕن. ئەم زمانە "گوندییە" ئەو هێزە سەرەکییەیە کە وا دەکات کارەکانی مۆ یان ئەوەندە زیندوو و ڕەسەن بن.[38]

ئەم نموونانە دەیسەلمێنن کە بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی کەموکوڕی نییە، بەڵکو خاڵی بەهێزی داهێنانی ئەدەبییە. ئەو نووسەرانە جیهانین، نەک لەبەر ئەوەی بە زمانێکی ستانداردی بێناسنامە دەنووسن، بەڵکو لەبەر ئەوەی توانیویانە ناوچەییترین ئەزموونی مرۆیی بکەنە ئەزموونێکی گەردوونی. ئەوەی ڕاستی بێت، پۆلیسی زمانی ستاندارد داوای ئەدەبیاتێکی بێگیان، بێڕەگ و، بێمێژوو دەکات.

ڕەخنەگری ڕاستەقینە پۆلیس و یاسادانەر نییە، بەڵکو گەڕیدە و دۆزەرەوەیە. ئەرکی ئەو ئەوە نییە بە نووسەر بڵێت "دەبوو چۆن بنووسیت"، بەڵکو ئەوەیە بە خوێنەر بڵێت "نووسەر چی کردووە و بۆچی کردوویەتی". ڕەخنەگری ڕاستەقینە پردێک لەنێوان دەق و خوێنەردا دروست دەکات، نەک دیوارێک لە یاسا و قاڵب لە بەردەم نووسەردا هەڵبنێت. ئەوانەی داوای ئەدەبیاتی لەقاڵبدراو دەکەن، لە ڕاستیدا لە ئازادی و لە ئاڵۆزیی ژیان دەترسن. ئەوان دەیانەوێت ئەدەبیات ببێتە حەبێکی ئارامکەرەوە، نەک ئاوێنەیەکی ڕاستگۆ کە ئاڵۆزی و جوانی و دژێوییەکانی بوونمان نیشان بدات. وەلێ ئەدەبیاتی زیندوو هەمیشە یاخی و ئاژاوەگێڕ و یاساشکێن بووە و هەر وایش دەمێنێتەوە. هەر دەنگێک پێچەوانەی ئەمە بڵێت، وەک ئەوەیە بە بێژنگ ئاو بێنێت، یان دەنگی نەزانییە یان دەنگی ترسە لە داهێنان.

---

[38] Howard Goldblatt, The Real Mo Yan, Los Angeles Review of Books, February 4, 2013